www.kurdistannet.org
19-2-2007 17:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سپێدەی بەیانی لەگەل بەیانیت باش بۆکێ پێش کەش ئەکرێ ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

30-ڕێبەندان-2706ك

زۆرلە کەنالەئاسمانیەکانی جیهان هەندێ بەرنامە پێش کەش ئەکەن بەجەماوەری خۆیان وهەموو ئەوبینەرانەی کەسەیری کەنالەکانیان ئەکەن، بگرە زۆر بینەر هەیە لەو زمانە تێ ناگات کەئەوکەنالە رۆژ ئاوایانە یاخود رۆژهەلهاتیەکان پێش کەشی ئەکەن بەلآم بەهۆی ئەوەی کەبەردەوامن لەپێش کەش کردنی ئەو بەرنامەیەوە بینەر راهاتوە لەسەیر کردنی وەئەوەندە خولیای ئەو بەرنامەیەیە کەکاتی خۆی دێ بێ دواکەوتن ئەروات و سەیری ئەکات ئینجا خۆ ئەگەر ئەو بەرنامەیە کۆمەلآیەتی بێت یاخود هەربەرنامەیەکی سود بەخش بێت وەهەندێ کاتی واش هەیەهەندێ لە بینەران بەشێ لەکاتی ژیانیان رۆژانە تەرخان کردوە بۆ سەیرکردنی هەندێ درامای تەلەفیزۆنی چی ئەگەر لەزمانەکەشیان تێ نەگات چونکە ئەوەندە هۆش و فکری داوەتێ لەهەمووی تێ گەیشتوە وەئەگەر یەکێك پرسیارێکی لێ بکات ئەتوانێ کورتەی باسەکەی بۆبگێرێتەوە، وەئەم جۆرە کارە شتێکی رەوایە بۆ هەموو مرۆڤێك بەمەرجێ کارنەکاتە سەرژیانی رۆژانەی یاخود ژیانی کۆمەلآیەتی. وە هەموو مرۆڤیك ئەتوانی بەپێی توانای خۆی سود لە کەنالەئاسمانیەکان وەر بگرێ بەمەرجێ پێ داویستیەکانی ژێانیان بۆ ئامادە کرابێ، وەیەکێك لەو پێداویستیانە کەمرۆڤ هەمووکات پێ ویستی پێیە ئەویش ( (وزەی کارەبایە) ) .
بەلآم بەداخەوە لەکوردوستان لەبەرئەوەی وزەی کارەبا بەیەك سانی دابەش نەکراوە وەزۆرینەی دانیشتوان بێ بەشن لەو رۆشنیە وەزۆرینەی ژیانیان لەبەر تاریکیە وەدوورن لە تەماشاکردنی کەنالەکان بەتایبەتی کەنالە کوردیەکان. وەئەو بەرنامانەی پێش کەش ئەکرێ زۆرینەی بۆ ئەو مالآنەیە کە بەبەردەوام کارەبایان هەیە وەئەوەش مالی لێپرسراو و دەولەمەندەکان ئەگرێتەوە وەئەوانیش لەبەر سەیرکردنی (سەتەرلایت) بەبەردەوامی وە چاودێری کردنی گۆرانیەکانی ژیان بۆئەوەی ئەوانیش بەزووی لاسایی بکەنەوە پێش ئەوەی بگاتە بازارەکان لەبەر ئەوە کاتیان نیە سەیری کەنالە کوردیەکان بکەن.
وە رۆژانە لەکوردوستان لەهەردوو کەنالی ئاسمانی (زاگرۆس و کوردوستان تڤی) زۆربەرنامەی سودبەخش پێشکەش ئەکەن بۆبینەران بەلآم بەداخەوە لەبەر بێ کارەبایی کوردوستانیان سودی لێ نابینن. وە مەبەستم لەم نوسینە ئەوەیە کەبەیانیان لەودووکەنالەوە بەرنامەی (سپێدەی بەیانی لەگەل بەیانیت باش) پێشکەش ئەکەن بۆبینەران بەلآم وابزانم وەك هەموو بینەران ئەی بینن هەر بۆ پێکەنینی ئەو بەرێزانەیە کەبەرنامەکە پێش کەش ئەکەن وەئەولێپرسراو کەسانەی خۆیانمەبەستیانە بانگێشی ئەکەن وەکاتەکەی لەگەل بەسەرئەبەم وەئەمەش تەنها بۆ ئەوانەی دەرەوی وولآتە لەگەل مالی ئەوانەی کە بۆ ساتێ کیش کارەبایان ناکوژێتەوە وەئەوانیش گالتەیان بەو جۆرە چاوپێکەوتنانە ئەکەن.
بۆیەداواکارین لەوبەرێزانەی کاربۆ ئەوبەرنامانەئەکەن بچنە ناو کۆمەلەوە وەرۆژانە لەگەل کوردوستانیان دا ووت ووێژوو چاوپێکەوتن بکەن بۆئەوەی ئەو لێپرسراوانەی کەکوردوستان ئەبەن بەرێوە و بۆ چرکەیەکیش ناچنە ناو کۆمەلەوە وەبەهیچ جۆرێ ئاگاداری ئەوکۆمەلەنین کە لێپرسراون بەرام بەریان. بۆئەوەی ئەگەر هاتوو لەبێ تاقەتیا سەیری ئەوبەرنامانەی ئێوەی بەرێزیان کرد تۆزی لە گرفتەکانی کۆمەل تێ بگەن بۆ ئەوەی ئەگەر چارەسەریشیان نەکەکرد ئەوەبزانن کە هەموو کوردێك لەکوردوستان تا چ رادەیەك بێزارن لەدەسەلآتی کوردوستان؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

halo951@gmail. com
هۆ لنـــــــدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلآودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.